# چینی کرێکار لە کوردستان ئەتوانێت، پێشەنگی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵك بێت لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نا قەومیو عیلمانیدا لە کوردستان

چینی کرێکار لە کوردستان ئەمساڵ لەسایەی هەلومەرجێکدا، بەرەو پیری 1ی ئایار دەڕۆن، کە سەرتاپای کۆمەڵگای عێراق غەرقی شەڕی تیرۆریستیو کێبەرکێی قەومیو تائیفیە. هەلومەرجێکی سیاسی دژوار کە لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکادا دەوڵەتێکی کاتی قەومی-ئیسلامی دەستەبەرکردوە. دەوڵەتێك لە سەر پایەی توندبونەوەی کینەو هەستی قەومیو تائیفی پێکهاتوە. بەڵام دەوڵەتی کاتی، نەك دەوڵەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی عێراق لە دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامیو خزمەتگوزارییە گشتیەکان نیە بەڵکو خۆی هۆکاری سەرەکییە لە فراوانبونەوەی دامێنی نائەمنیو نائارامیو شەڕی قەومیو تائیفی. لەهەمانکاتدا دەوڵەتێکە هۆکاری سەرەکی توند بونەوەی ئاپارتایدی قەومیو دینیو تائیفەی دینیە. بەم پێیەش خەڵکی کوردستان وە کرێکارانی کوردستان، وەك تا ئێستا لە سایەی هەلومەرجێکدا ژیان بەسەر دەبەن، کە شەڕو کێبەرکێی قەومی سیمای سەرەکی دەبێت.

لە سایەی دەوڵەتێکی ئاوادا، کە خەڵکی عێراق لەسەر پایەی قەومو دینو تائیفەی دینی پێناسە دەکات، نەك کێشەی خەڵکی کوردستان چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەم دەوڵەتە لە بناغەوە لە سەرپایەی زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان پێکهاتوە. وە لەڕێگای هەردوو حیزبی دەسەلاتدارەوە، خەڵکی کوردستانی خستەوە ژێر چنگی دەوڵەتێکی قەومی-ئیسلامیەوەو کوردستانیشی ئیلحاقکردەوە بە عێراقەوە لە ڕێگای "هەڵبژاردنەوە". بونی سەرۆکێکی کورد لە بەغدا، نەك تەنها ئاماژە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناکات، بەڵکو نیشانەی زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانە لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.

کرێکاران لە کوردستان لە هەناوی ئەم هەلومەرجەدا، پێویستیان بەوە هەیە، کە کۆمەڵگای کوردستان لەم تەنگەبەرییە دەربهێنن و بەدەوری خواستی جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆی ناقەومیو عیلمانیدا، خەباتی خۆیان یەکگرتوو ڕیکخراوبکەنو وەك ڕێکخەرو پێشڕەوی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان دەربکەون.

## کرێکارانی نارازی!

یەکی ئایاری ئەمساڵ، مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە بۆ خستنەڕووی خواستو داواکارییەکانتان، بۆ یەکگرتووبونو ڕیکخراوبوونتان. پێویستە بیکەنە سەرەتایەکی خەباتکارانە لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانتاندا، خواستی بەدیهێنانی قانون کارێکی پێشڕەو کە تیایدا ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندانو ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان زامن بکات، بەتایبەت کە 6 مانگی داهاتوو، قۆناغێکی زۆر هەستیارەو هێزە قەومیو ئیسلامیەکان خەریکی دارشتنی دەستوری هەمیشەیین. لەم نێوەدا پێویستە کرێکاران نەخشی خۆیان هەبێت لە پێناو هێنانە دەرەوەی دەستورێکدا کە زامنی مافەکانی خۆیانو خەڵکی عێراقو کوردستان بکات. بەلام لەهەمانکاتداو هەر ئێستا، ئێوە لە کوردستان ڕوبەڕوی هەلومەرجێکی دژواری گرانیو نەبونی بیمە کۆمەلایەتیەکان بونەتەوە. هەلومەرجی پەیداکردنی کار لە کوردستانو بوژانەوەیەکی نیسبی باری گوزەرانتان، دیاردەیەکی کاتیە. بۆیە پێویستە لە بەرانبەر گرانی ئەمڕۆدا، کە کرێی کرێکارو موچەی فەرمانبەرو مامۆستا هێجگار کەمەو بەشی دابینکردنی پێداویستیەکانی هیچ خێزانێك ناکات، کەوایە لەبەرانبەر گرانی ئەمڕۆدا خواستی "پێویستە لایەنی کەمی موچەی مانگانەی کرێکاران، فەرمانبەران 375000هەزار دیناربێتو پێ بە پێی گرانبونی پێداویستیەکانی ژیان ئەم بڕەش بە شێوەیەکی ڕۆتین بچێتە سەرەوە" بکەنە خواستێکی سەرەکی ڕۆژی 1ی ئایارو بزوتنەوەی ناڕەزایەتیتان. هەروەها خواستی "دابینکردنی پارچەیەك زەوی بۆ هەر کرێکاریك لە کەرتی دەوڵەتی بێت یان لە کەرتی تایبەت"، وە "دابینکردنی بیمەی خانەنیشینی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت" خواستێکی هیجگار گرینگو فەورییە بەتایبەت لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا کە بازار تیایدا ئازادەو زۆربەی کارگەکان بونەتە کەرتی تایبەتو ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای نیوخۆییو بیانی لە کوردستاندا کار دەکەن. با ئەم ئایارە بکەینە سەرەتای یەکگرتوکردنو ڕیکخراوبونی بزوتنەوەیەکی هەمەگیری جەماوەری لە پێناو بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانماندا.

### بژی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی چینایەتی کرێکار

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/4/23